# بینديتو كرۆچه و فەلسەفەی مێژوو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەحمود عەبدولا

بینديتو كروچه(١٨٦٦- ١٩٥٢) ڕەنگە گەورەترین فەیلەسوف, یا(لانی کەم) گەورەترین فەیلەسوفی ئایدیالی دووسەدەی کۆتایی ئیتالیایی بووە. كروچه ئایدیالێکی هیگلی بووەو بڕوای وابوو کە هەمووچالاکیەکانی مرۆڤ نزیکن لەچوار ئامانج یا(مانای تەواو)ی (جوانی و ڕاستی و چاکی و سودمەندی),ئەم چوارلایەنانە, لایەنەجۆراوجۆرەکانی مەعریفەیی یارۆحی مرۆڤەکانن کە وردەوردە لە ڕێنمایی ماناکانی سەرەوە ڕەنگ دەدەنەوە, وە ئەم بانگەشە سەرەڕای کارەکانی فەلسەفە دەربارەی جوان ناسی و ڕەوشت وڕامیاری و فەلسەفەی مێژوو, لە بەرهەمە گەورەکانی مێژوویی لەقوتابخانەی مێژوی ئەدەبی وفەرهەنگی وسیاسی وکۆمەلایەتی ئەوروپا بەتایبەتی ئیتالیا ڕاڤەکراوەو بەرهەم هێنراوە, پایەو بنەڕەت لەفەلسەفەی –کروچه- داخۆی لەجیاوازی نێوان مەعریفەی مێژوو و مەعریفەی زانستی دا دەبینێتەوە. وتارەزانستیەکان نەڕاستن ونەدرۆ, تەنهابەسوودن و لەبیردۆزە زانستیەکاندا کاریان ئەوەیە کە ئەوتوانایە دەدەنە ئێمە کە پێشبینی ڕووداوە سروشتیەکان بکەین. مەعریفەی ڕاستی تەنهامەعریفەی مێژوویی یە.مێژوونوس(بەجیاکردنەوە لە نوسینەوەی ڕاستیەکان) بەهاوکاری گومان لەکەسایەتی کەسێتی یەکان وڕووداوەکانی بە ڕابردوو دەژی، ئەوانە بەئەزموونی ژیان پەیدادەکات. وەئەوی ڕویداوە بەڕەنگدانەوەی ئەندێشەو هەست وویژدانی مرۆڤەکان دەزانێت ودووبارە ئەوانە لەئەندێشەو مەعریفەی خۆیدا دروستدەکاتەوە یا(دووبارەبەرهەم)ی دێنێتەوە بەبڕوای كروچه ئەم(دەرونیە)ئەزمونی مێژووییە کەوەسف وڕاڤەی(تێگەیشتنی دەرونی) هەمواردەکات. لەم ڕوانگەیەوە هەرکات بینیمان(هەرمێژوویەك

مێژووی هاوچەرخە) وە لە بنەڕەتدا مێژووشتێك نیە جگە لە لایەنی ڕۆحی ومەعریفەی مرۆڤەکان.

تائەوجێگایەی دەزانین لەنێوان ئەوهەمووبەرهەمانەی کروچەدا ,کە تائێستا وەرگێڕدرابێتە سەرزمانی فارسی(لایەنەگشتی یەکانی جوان ناسی)یە کە فوئادی ڕوحانی وەریگێڕاوەتە سەرزمانی فارسی، بەهەرحاڵ لەبەرهەمەکانی ئەو دەربارەی فەلسەفەی مێژوو شتێکمان نیە کە وەرگێڕدرابێتە سەرزمانی فارسی. هەرچەندەنوسینەکانی کروچە ئالۆزەو هەندێك جاریش تێگەشتنی دژوارەوئاسان نیە, بەداخەوە کە لێکۆڵەرەوەکانی ئێران تامی ئەندێشە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەویان نەچەشتووە لەقوتابخانەی گرنگی فەلسەفەی مێژوودا. ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێت زانیاری زیاتریان هەبێت لەبارەی ژیان وبنەماکانی ئەو دەربارەی مێژوو و فەلسەفەی مێژوو دەتوانن لەڕێگەی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکانی ماموٚستا(ھ.ئستوارت هیوز) لەبەشەکانی سێ یەم و شەشەمی کتێبی(زانیاری کومەڵگە) چاپی سێ یەمی چاپخانەی زانستی وفەرهەنگی ساڵی(١٣٨١)بەرامبەر(٢٠٠٢)ی میلادی زانیاری وەربگرن.

مێژووی ڕاستەقینە مێژووی هاوچەرخە(مێژووی هاوچەرخ) زۆرجار مێژوو بەکاتێکی کورت لەزەمان ناودەبرێت کەکۆتایی ترین ڕابردوو- لەکۆی ئاخرین پەنجا ساڵ, دەساڵ, یەك مانگ, یەك ڕۆژ , یەك کاتژمێرویەك دەقیقەش ـ دەزانرێت , بەڵام ئەگەر بمانەوێت زۆر بەووردیی قسەبکەین, سیفەتی(هاوچەرخ) ڕەنگە تەنها بدرێتەپاڵ ئەومێژووەی کە بەخێرایی پاش ئەنجام دانی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین , بەناونیشانی ئاگاداربوون لەکارەدروست دەبێت , واتە بۆ نموونە مێژووی من لەکاتی ئەنجام دانی نووسینەوەی ئەم لاپەڕانەداکەپێك هاتبێت لەئەندێشەی من لەنووسینەوەدا , گرێبدرێتەوە بەکاری نووسینەوەی من. سیفەتی(هاوچەرخ ئەگەر لەو لایەنەوە بەکاربێت بەدروستی بەکارهاتووە. لەبەرئەوە ئەمەش وەك هەرکارو کردارێکی ڕۆحییەلەدەرەوەی کات وزەمان(واتاسەرەتاوکۆتایی) وە لێکدەدرێتەوە، سەرچاوەدەگرێت بەکارێکەوەکەپەیوەندی پێوەی هەیەوشێوازی ئیمتیازەکانی لەو ئایدیایە نەك کات وزەمان وەردەگرێت. بەڵام(مێژووی ڕابردوو)یا(مێژووی کۆن)مێژووییە کەئامادە

لەلایەکەوە مێژوویەکە کەلەڕابرووودا ڕویداوەو لەپایەو ڕەخنەی ئەومێژووەوە دروست دەبێت کەڕەنگە بگەڕێتەوە بۆهەزارسالّ لەمەوبەر یاخودکاتژمێرێك لەمەوپێش، بەڵام ئەگەر ووردتر تەماشابکەین, دەبینین کەئەم مێژووە لەپێشوودا ڕویداوە کە ئەمەش ناودەنرێت مێژووی(کۆن) یا(ڕابردوو) یاخود ئێمە حەزدەکەین وا ناوی لیبنێین ئەگەر بەراستی مێژوویێت و تائەگەر مانایەك ببەخشێت و(شتێکی بێ‌مانانەبێت)بەهەمان شێوە هاوچەرخەو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانی تردانیە. هەروەهاوەك بابەتەکانی پێشوومەرجی بوونی ئەوەیە ئەوکارەی کەمێژووەکەی تیاداباس دەکرێت دەبێت لەگیانی مێژوونوسدا ڕەنگ بداتەوە, یاخود(بەڕاڤەی مێژوونوسانی شارەزا) دەبێت بەڵگەنامەکان لەبەردەم مێژوونوسدا شیاوی تێگەشتن بن، ئەوەی کەگێڕانەوەیاخود زنجیرەیەك گێڕانەوە دەربارەی فلان ئەمری واقیع. لەگەڵخۆیدا ئەو یەکگرتوویە یاخود تێکەڵاوییەی پەیداکردبێت تەنها بەومانایە دێت، کەئاشکرایە ئەو ئەمرە واقیعە زیاتردەوڵەمەندە, نەك ئەوەی کەکارایی خۆیی لەدەستدابێت بەواتایەکی تر ئەوەی پێشوتر گێڕانەوەیەك یاخود دادوەریەك زیاتر نەبووە ئێستاخۆی بەشێکە لەکاری واقیعی و(بەڵگەنامەیی)، کەدەبێت ڕاڤەودادوەری بۆ بکرێت مێژوو هەرگیز لەگێڕانەوە دروست نابێت, بەڵکو هەمیشە لەبەڵگەنامەکان دروست دەبێت, یاخود لەو گێڕانەوانەی کەگۆڕاون بۆ بەڵگەنامەو لەبارەیانەوە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەدەکرێت, بەرامبەر بەمە هەم مێژووی هاوچەرخ و هەم مێژووی کۆن ڕاستەوخۆ لەژیانەوە دێن, لەبەرئەمەیە ڕوون وئاشکرایە ئەوشتەی کەکەسەکان هاندەدات بۆلێکۆڵینەوە لەبارەی فلانە ئەمری واقیعەوە, حەزوئارەزووە بەرامبەرژیانی ئێستا کەوابێت ئەم کارەی واقیعی ڕابردوووەڵامدەرەوەی ئارەزووی ڕابردوونییە , بەڵکو وەڵامدەرەوەی ئارەزووی ئێستایە, هەربۆیە لەگەڵ ویست وئارەزوو بۆژیانی ئێستا یەکدەگرێتەوە, ئەم بابەتە لەفۆرمۆلە ئەزمونیەکانی مێژوونوسەکاندا چەندین جاردووبارە بووەتەوە ئەگەرناوەڕۆکی قوڵتری سەرکەوتنی ئەم ووتەیە بکەوێتە پێشەوەو هەروەها بێزارو غەمگینیش بێت، کەمێژوو(magister vitae) فێرکار یا(مامۆستای ژیان) بێت لانیکەم هۆکارەکەی ئەوەیە. من بەم هۆیەوەئەم شێوازە جۆراوجۆرانەی هونەری مێژوویم باسکردووە تادیمەنی پارادوسی هەریەك لەڕاڤەکانی(هەر مێژوویەکی ڕاستی هاوچەرخ)

پاکبکرێتەوە واقیعیەتی کاری مێژوونوسینەوە بەئاسانی پشتگیری ڕاستی ئەم ڕاڤانە دەکات وڕاستگۆیی فراوان و ڕۆشتنی ئەوان دەدات بەدەستەوە, بەڵام بە مەرجێك دووچاری هەڵەنەبین کەهەمووکارەکانی مێژوونوسان پێکەوە یاکۆمەڵێك لەوان تێکەڵ وپێکەڵ لەبەرچاوبگرین و بمانەوێت لەسەرخۆمان یاخود مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ولابردنی بەشێکی لە خۆماندا بچەسپێنین و پاشان بپرسین پێدەچێت چی ئارەزوویەکی فیعلی یەك بگرێتەوە لەگەڵ نوسین یاخود خوێندنەوەی ئەم جۆرە مێژووانەدا؟ بۆنموونەبپرسین پێدەچێت کەکام ئاەزووی فیعلی هەبێت لەگەڵ مێژوویەکدا کەشەڕی پلوپونزی یاشەڕی میهردادی شەشەم[٢] یاخودڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەهونەری مەکسیکی یافەلسەفەی عەرەب(ئیسلامی)دەگێڕێتەوە, ئەم کارانە لەم کاتەدا ئارەزوویەك لەمندا دروست ناکات, ئەم مێژووانە لەم کاتەدا بۆمن مێژوونین, لەبەرزترین ئاستدا تەنها بەناونیشانی هەندێك ئاساری مێژووی دێنە ئەژمار. تەنها لەناخی کەسانێکدا مێژووبوون یا دەبنەمێژوو کەبیریان لێکردووەتەوە یاخودبیری لێدەکەنەوە یاخودلەناخی مندا کاتێك کەبەپێی پێداویستیە ڕۆحییەکانی خۆم بیرم لێکردوونەتەوە یاخودبیریان لێدەکەمەوە.

بەڵام ئەگەرخۆمان سنورداربکەین لەگەڵ مێژووی واقیعیدا, واتامێژوویەك کەکەسێك لەکاتی بیر کردنەوەدابیری لێدەکاتەوە, بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت گە ئەم مێژووە لەگەڵ شەخسی ترین وهاوچەرخ ترین مێژوودا یەکێکە کاتێك کەپێگەشتوویی لەحزەیی فەرهەنگی مێژوویی بانگهێشتم دەکات لەمەسەلەی فەرهەنگی یۆنان یافەلسەفەی ئەفلاتۆن یاشێوازی تایبەتی لەئاداب و ڕەسمی خەڵکی ئاتیکا لەیۆنانی کۆن؟ ئەم مەسەلەیە بەهەمان شێوە پەیوەندی بەبوون ووجودی منەوە هەیە کەکاری تێدادەکەم یاخودمێژووی ڕوداوێکی عاشقانەکەلەژیانمدا ڕویداوە یامێژووی مەترسیەك کەهەڕەشەم لێدەکات ئەوە بەهەمان ترس و دڵەڕاوکێ دەگەم لەناخمدا هەمان هەستی دڵتەنگیم دەبێت وپەرێشان دەبم تاکاتێك زاڵدەبم بەسەر چارەسەرکردنی کێشەکەدا, ژیانی ئەوکاتەی یۆنان لەمندا ئامادەیەو چالاکە بەهەمان شێوە من بۆلای خۆی بانگ دەکات وسەرنجم ڕادەکێشێت وئازارم دەدات کەلەکاتی پەیدابوونی دوژمنێك یادڵدارێك یاخود منداڵێکی ئازیزم گیانم دێتەلەرزە. سەبارەت بەشەڕەکانی

میهردادی شەشەم وهونەری مەکسیك و هەمووشتەکانی تر کە لەپێشتردا وەك نموونە باسم کرد.هەمان ڕووداو ڕوودەدات یاخودڕویداوە.

ئێستاکە سەلماندومانە(هاوچەرخی) سیفەتی خودی هەموو مێژوویەکە, نەتایبەتمەندی بەشێکی تایبەت لەمێژووەکان(بەو شێوەیەی کە لەڕیزبەندییە ئەزموونیەکاندا بەهۆکاری ڕاستی پێی ڕازی بوون) دەبێت پەیوەندی مێژوولەگەڵ ژیاندا بەپەیوەندیەکی یەکگرتووبزانین، بەڵام نەك بەمانی یەکگرتویەکی ناخۆش وبێزار، بەڵکو یەکگرتوویەکی تێکەڵاو کەهەم پێویستی بەجیاوازی و هەم پێویستی بە یەکبونی سەرجەم لایەنەکان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە قسەکردن لەسەر مێژوویەك کەخاوەن بەڵگەنامە نەبێت زیادەڕەویی وپیاهەڵدانە بەچەشنی قسەکردن لەسەربوونی شتێك کەیەکێك لەمەرجەکانی خودی وجودی تێدانەبێت. مێژوو بەبێ پەیوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەدا, مێژوویەکە شیاوی لێکۆڵینەوە نیە, چونکە ڕاستی مێژوو لەشێوازی لێکۆڵینەوەکەیدا دەردەکەوێت. چیرۆکێك کەمێژووەکەی شێوازێکی بەڵگەدار دەگرێتەخۆی تەنها تاجێگایەك چیرۆکێکی مێژووییە کەڕاڤەی ڕەخنەگرانی بەڵگەنامەیی بێت(بەمانای دووبارەبیرکردنەوەو ئاگاداربوون وئاگاداربوونی خودی وجگەلەوانی تر) بێت مێژوویەکی لەم چەشنە وەك مێژوویەکی نەبوو وایە وچونکە خاڵییە لە ماناو ڕاستی، چۆن دەکرێت کەسێك بەبێ ئەزموونی هونەری لەلایەنی نوسینەوەی لێکۆڵینەوەکانی تێبگات کەنوسەر بوونی ئەوە لە خوێنەردا دروستدەکات.چۆن دەکرێت مێژووی فەلسەفە بوونی هەبێت بەبی نووسین یاخود بەشێك لەنوسینی فەیلەسوفەکان؟ چۆن دەکرێت مێژوویەك بوونی هەبێت دەربارەی یەکێك لەڕەسم و ئادابەکان, بۆنموونە خۆبەکەم زانین لەئاینی مەسیحیەتدا یاپیاوەتی لەباوەڕی شاسواری دا, بەبێتوانای دووبارە ژیان, یا بەشێوازێکی باشتر, بەواقیعی دووبارە ژیانەوە بەوحاڵەتە تایبەتەی ڕۆحیی تاکەکەسی؟

لەلایەکی دیکەوە پاش ئەوەی پەیوەندیەکی نەبچڕاوی ژیان وئەندێشە لەمێژوودا دروستبوو لێکچونەکانی کەدەربارەی یەقین وسودی مێژووی باسکراوە هەمویان لەچرکەیەکدا بارگەوبنە بپێچنەوە, چۆن دەکرێت ئەوەی بەدیهێنەری ڕۆحی ئێمە یەهەرگیز ڕەچاوی ئەم

بنەمایە نەکات؟ چۆن دەکرێت مەعریفەیەك بێ سوودبێت کە چارەسەری کێشەیەك دەکات کە لەناوجەرگەی ژیاندادروست بووە؟

**مێژوو و بەڵگەنامەزیندووەکان**

بەڵام ئایاپەیوەندی بەڵگەنامە لەگەڵ چیرۆك, یان ژیان لەگەڵ مێژوودا , هیچ کات مایەی تێك شکان بووە ؟ وەڵامە ئەرێنی ئەم پرسیارەدراوەتەوە لەوبەشانەی مێژووداکەبەڵگەنامەکانیان وون بووە, یاخودبەشێوازێکی گشتگیرو بنەڕەتی تر, ئەومێژووانەی کە بەڵگەنامەکانیان چیتر لەرۆحی مرۆڤەکاندا زیندوونیە. ئەم مانایە بەهەمان شێوە ئاماژەی بۆکراوە کاتێك کە گوتوویانە هەموومان نزیك بوونەوەیەك دەبینین سەبارەت بەفلان بەشی مێژوو لەشوێنێکی وادا.

مێژووی شێوەکاری یۆنانی کۆن هەروەك مێژووی ئەوگەلانەیە کەبەتەواوی نازانین لەکوێ ژیاون یاهەست وئەندێشەکانیان چی بووە یا ئەوکارانەی ئەنجامیان داوە چۆن دروست بووە , مێژووی بێ بەڵگەنامەیە. هەروایە ئەو ئەدەبیات وفەلسەفانەی کە بابەتەکانیان لای ئێمە زانراونیە, تەنانەت کاتێك لە بەردەستماندایە و دەتوانین بیان خوێنینەوە لە تێگەشتنی رۆحیدا توانامان نیە, بەهۆی نەبوونی زانیاری تەواو یابەهۆی بێ ئارەزوویی یا پاشگەزبوونەوەی کاتی لەم لایەنانەدا, کاتێك کە ئەو پەیوەندییە دەبچڕێت چیترناتوانین ئەوەی کەماوەتەوە ناوی لێبنێین مێژوو(چونکە مێژوو شتێك نەبوو جگە لەو پەیوەندییە)، وە لەپاش ئەوەی بتوانین ئەوە ناوبنێین مێژوو بەهەمان واتای کە بەلاشەی بێگیانی مرۆڤێك دەڵێین مرۆڤ. لەم حاڵەتەدا ناتوانیین بڵێین ئەوەی بەجێماوە هیچ نیە(بۆیە تەنانەت ناتوانرێت بەجەنازەش بوترێت هیچ نیە), ئەگەر هیچ یەکسان دەبوو بەوەی کەبڵێین ئەم پەیوەندیە نەپچڕاوە لەبەرئەوە ئەوی لەشوێنی خۆیدا وەستاوە لەسەرهیچ کاریگەری نابێت.

بەڵام ئەگەر هیچ نیە و شتێکە, کەوابێت چیرۆکی بێ بەڵگەنامە چیە؟

مێژووی شێوەکاری یۆنانی کۆن بەپێی ئەوەگوازراوەتەوەو بەئێمە گەشتووە یا بەوشێوەیە کەزانایانی سەردەمی ئێمە هەستاون بەنوسینەوەیان, کاتێك بە وردی

ڕاڤەولێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی بۆبکرێت, دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزێك لەناوی شێوەکارەکانی(ئاپۆلۆدروس [٣], پولوگنوتوس [٤], زئۆکسیس [٥], ئاپۆلیس [٦]) و ئەوانی ترو ئەمەش لەگەڵ کۆمەڵێك چیرۆك لەژیانی ئەوان وبەشێك لەبابەتی شێوەکاری(ئاگرکەوتنەوەی ترویا، پێشبڕکێی ئامازۆنەکان ,نەبەردی ماراتۆن , ئاخیل ئۆس، ئەفترا...وئەوانی تر) کەهەندێك وردەکاری لەگەڵ وەسفی بەجێماودا لەبارەی ئەوانەوە دراوە, یاخود دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرەیەك لەووتەکان، کە وردەوردە دەگاتەوە بەستایشی کارەباشەکانی ئەم شێوەکارانەو بەرهەمەکانیان, لەگەڵ ناوەکان وحیکایەتەکان ودادوەریەك کەکەم تازۆر بەپێی بەدوای یەکداهاتنی سەردەمەکان ڕێکخراون, بەڵام ناوی شێوەکارەکان بەبێناسینی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانیان ناوێکی بێمانایە, هەربەم شێوەیە حیکایەتەکان وبابەتەکان ودادوەریەکان ستایش وچاکەکان وبەدوایەکداهتنەکانی کاتیش مانای نیە, لەبەرئەوەهیچ نین جگەلەکۆمەڵێك ژمارەو پێشکەوتنی تەواویان تێدابەدی ناکرێت, چونکە جێگای(پێك هاتە) دروستکەرەکانی تێدانیە, لەئەندێشەی ئێمەدا بەجێگایەك ناگات, ئەگەر ئەو واژانە مانایەکیان هەبێت, تەنهابەهۆی کەمێك ناسینەوەیە کەبەپێی بنەمای بچڕبچڕی هەندێك شێوەکاری کۆن وبنەمای بەکار هاتووەوەیە کەبەشێوەی وێنەگرتنەوە بەدەستی ئێمە گەشتووە، یاکاری هاوشێوە لەهونەرەکانی تردا یا لە شیعردا بە دەستمان هێناوە. جگەلەم شتە بچوکانە,خودی شێوەکاری یۆنانی کۆن لای ئێمە جگە لە کۆمەڵێك واژەی بێمانا هیچی ترنیە، ئەڵبەتە ئەگەر بمانەوێت, دەتوانین بڵێین کە(شێوەکاری یۆنانی کۆن – خاڵییە لەناوەڕۆکی دیاریکراو- بۆیە ئینکاری ناکەین کەکاتێك ناوی فلان شێوەکار دەبەین, دەربارەی یەکێك لە شێوەکارەکان, بەشێوازێکی تربیر لەیەکێك لەشێوەکارانی ئاتنی(ئەسینا) دەکەینەوە: وەکاتێك واژەی(نەبەرد) یاناوی(هیلین)دێتەسەرزمان, دەربارەی یەکێك لەنەبەردەکان بەشێوازێکی وردتریەکێك لەنەبەردەکانی سەربازەیۆنانیەچەك قورسەکان, یاخود ژنێکی جوان وەکو پەیکەرەکانی یۆنانی کۆن بیردەکەینەوە, لەکۆتایدا جیاوازی نیە دەربارەی کام لەوشتە واقیعیە جیاوازانە بیردەکەینەوەکە ئەوناوانە لێك نزیك دەکاتەوە, هەر بەم هۆیەشەوە ناوەڕۆکی ئەوانە دیاریکراونیە, ئەم دیارینەکردنە بەمانای بێمانابونیان دێت هەر

مێژوویەك جیالەبەڵگەنامەی تایبەت بەخۆی بێت وەك ئەم نمونانە, بەرامبەر بە چیرۆك یاڕیوایەتێکی بێ مانایە, خاڵیە لەڕاستی, ئایا ڕاستە یادرۆ شێوەکارێك بەناوی پۆلۆگنۆتوس هەبووکە ڕوخساری(میلتیادیس[٧]) ی کێشا؟ پێمان دەڵێت کە ڕاستە چونکە کەسێك یاکەسانێك کەئەویان دەناسی وئەم شێوەکارییەیان بینیبوو, شاهیدی بونیان داوە, بۆ ئێمە نە ڕاستەو نەدرۆ, یاخود(هەمان مانا بە دەربڕینێکی تر)ڕاستە تەنها بەپێی شاهیدی ئەوشاهیدانە ـ واتە بەهۆی ڕوخساریانەوە, ئێستا یانی ڕاستی هەمیشە پێویستی بەهۆکاری زاتی هەیە, چونکە بابەتی جێگای باس ڕاست نیە(نە ڕاستەونەدرۆ)، کەوابێت بێ سوودە, ئەگەر لە جێگایەکدای کە هیچ شتێك نەبێت, کەوابێت هیچ مووچەیەکیش بۆ(پاشا)نیە, جیگایەك کەپایەی مەسەلەکە روونە, ئیرادەیی کاریگەرونیازی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها توانای چارەسەرکردنی نادیارە، بەرامبەر بەمە کەوابێت گێڕانەوەی ئەم دادوەریانە بێ مانایە بەگشتی لەلایەنی ژیانی ئێمەدابێ سوودە، ژیان وایە تائێستا، مێژوویەك کەبەشێوازی چیرۆکێکی بێ مانابوبێت واتا ڕابردوو، ڕابردوویەك کەدووبارەنایەتەوەو دووبارەنادۆزرێتەوەکە ئەگەر بەڕەهایی واش نەبێت، بەتایبەتی بۆکاتی ئێستاوایە وشە بێماناکان دەمێننەوە، وشەی ناوپوچ دەنگن یان نیشانە گەلێکی دروستکراوکەئەوان پیشان دەدەن، وە وشەی ناوپوچ لەگەڵ یەکداپەیوەندی دروست دەکەن وپارێزراودەبن، بەڵام نەك بەکاری فیکری کەبیر لەوانەدەکرێتەوە(چونکەلەم کاتەدابەزوویی پڕدەبن)، بەڵکوبەکاری ئیرادەیەك کە بیردەکاتەوە پاراستنیان بۆ هەندێك لەئامانجەکان خۆی بەسوودە هەرچەندێك خاڵی یانیوەخاڵی بێت، کەوابێت چیرۆکی تەواوشتێك نیە جگە لەکۆمەڵێك ووشەیان فۆرمۆلی ناوخاڵی کەبەهۆی ئیرادەوە دەردەکەون.

مێژوو پێشکەوتنە لە نوسینەوەی ڕووداوەکان بەم پێناسەیە توانیمان جیاوازی ڕاستەقینە لەنێوان مێژوو و نوسینەوەی ڕووداوەکاندا ئاشکرابکەین ـ نەکەمترو نەزیاتر ـ کە تاکو ئێستا بێئەنجام گەڕاون بەشوێنیدا، چونکە بەگشتی ئەم جیاوازییە لە چۆنایەتی هەریەك لەکاری واقیعی داگەڕاون بەدوایدا کەبابەتی هەریك لەمانەیە، بۆ نموونە وتویانە نوسینەوەی ڕوداوی کارەکان بەشێك لەڕاستیەکان باس دەکات، مێژووی کاری هەمووڕاستیەکان، یا

نوسینەوەی ڕووداوە واقیعیە تایبەتەکان دەسەلمێنن. وەمێژووی کارەکانی ڕووداوەگشتیەکان بێ ئاگا لەوەی گشتی لەهەمان کاتداوهەمووکات بەشێکە وەبەش وکۆو گشتی لەهەمان کاتدا تایبەت، وەتایبەتی و گشتی یا ووتویانە گێڕانەوەی ڕووداوی گرنگ(واتا ئەو شتانەی لەبیر ناکرێت) پەیوەستە بە مێژووەوە، باسکردنی کاری ڕووداوی بێ بایەخ پەیوەستە بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان ـ بێ ئاگالەوەی گرنگی کارەکان دەربارەی شوێنێك کەتیایداین کەمە. بۆ کەسێك کەمێشوولە ئازاری دەدات سەمای ئەومێشولە بچووکە زۆرگرنگترە لەهێرش هێنانی خەشایار شا. هەڵبەت لەگێڕانەوەدا بەم جیاوازییە هەڵەیە، هەستێکی ڕاست هەیە کە قاڵبی جیاوازی نێوان مێژوو، گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەم ئەمرە دەناسێنێ، کەچی شتێك ئارەزوو دەجولێنێ(کاری گشتی یاگەورە) وەچی شتێك ئارەزوو نابزوێنێ(کاری بەشی یابچووك) ئێمەئاگامان لەم هەستەیە هەروەها هەستێکی ڕاست دەبینرێت لەوکەسانەدا کە دەڵێن لەنێوان ڕووداوەکان ومێژوودا پەیوەندییەك هەیە، ئێستائەوەی لەنووسینی ڕووداوی ڕووداوەکاندناپەیوەست دێنەبەرچاو، بەشێوەیەکی تر، لەمێژووداڕێکخستنی مەنتیقی بونی هەیە لەنووسینەوەی ڕووداوەکاندا ڕێکخستن بەتەواویی، یاخودمێژووکاردەکاتەقوڵایی ڕووداوەکان، نوسینەوەی ڕووداوەکان سنوردار دەبێت بەسەرەوەیاخوددەرەوە، بەڵام ئەم جیاوازیانە لەبری ئەوەی بیریان لێ بکرێتەوە دەچنەقاڵبی خوازراوەوە، کاتێك خواستن بەمەبەستی دەربڕینی ئەندێشە بەکاربهێنرێت، ئەوەی کەبەدەستمان هێناوە پاش کەمێك لەدەستی دەدەین. ڕاستی ئەوەیە کەنوسینەوەی ڕووداوەکان ومێژوو، دووگێڕانەوەی ڕۆحی جیاوازن، نەك دووشێوازی جیاوازی مێژوو کەتەواوکاری یەکتری بن، یایەکێکیان پەیڕەوی لەوی تریان بکات، مێژووی نوسینەوەی ڕووداوەکان زیندووە، نوسینەوەی ڕووداوەکان، مێژوویەکی مردووە، مێژوو، مێژووی هاوچەرخە، وەنوسینەوەی ڕووداوەکانی مێژووی ڕابردوو، مێژوو بەپلەی یەکەم کاری ئەندێشەیە، وەنوسینەوەی ڕووداوەکان کاری ئیرادەیە، هەرمێژوویەك کە ئەندێشە نەبێت دەگۆڕێت بۆ نوسینەوەی ڕووداوەکان، بەڵام لەچوارچێوەی کۆمەڵێك ووشەدا کەڕۆژگارێك توانای ڕاستی ودەربڕینیان هەبوو. تەنانەت مێژووی فەلسەفە گێڕانەوەی ڕووداوەکانە کاتێك نوسەروخوێنەرەکانی لەفەلسەفە تێناگەن.

دۆزینەوەی جیاوازی ڕاستەقینە لەنێوان گێڕانەوەی ڕووداوەکان ومێژوودا. جیاوازی وێنەیی(واتاجیاوازییەکی بەڕاستی واقیعی)یە، وە نەك ئێمە دوور دەخاتەوە لەگەڕانی بێ سوودوماندووکەری مادی(واتاجیاوازییە خەیاڵییەکان)، بەڵکو ئەوتوانایەمان پێدەبەخشێت، کەیەکێك لەگریمانە زۆرباوەکان ڕەتبکەینەوە کەدەڵێت نووسینەوەی ڕووداوەکان لەپێش مێژووەوەیە یەکێك لە —نەحو- یان(ڕێزمان زان) ی کۆن ماریۆویتۆرینۆ[٨] وتویەتی:

ئەم ووتەیە tnuseatcaf . eairotsih tsop , ereuf vh'kudhr, selannaomirP)

لەوکاتەوەچەندین جار دووبارەبووەتەوەو چاککراوەو گشتێنراوە، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەتایبەتمەندی دوولقی ئەم کارە یادوونوسینەوەی جێگاباسی ئێمە، بەتەواوی پێچەوانەی ئەوە پیشان دەدات. واتا سەرەتا مێژوودێت، پاشان نوسینەوەی ڕووداوەکان سەرەتا بوونەوەری زیندودێت پاشان جەنازە یاخود جەستەکەی، مێژوویان بەمنداڵی نووسینەوەی ڕووداوەکان ناساندووە، وەك ئەوەوایە بڵێین زیندوولەمردوودێتەدونیا، لاشەی بێ گیان پاشماوەی ژیانە، بەوشێوەیەی کەنوسینەوەی ڕووداوەکان پاشماوەی مێژووە خودی ڕۆح مێژووە بەڵام دەبێت بەڵگەیەك هەبێت کەنووسینەوەی ڕووداوەکان وبەڵگەنامە، سەرچاوەی مێژوو وەپێشترلەوە بێنەبەرچاو، ڕۆحی مرۆڤ پاشماوەی بێ گیانی مێژووە واتا چیرۆکەکان نوسینەوەی ڕووداوەبێ ماناکان دەپارێزێت ونیشانەکانی ژیان وبەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکان کۆدەکاتەوەوهەوڵدەدات ئەوانە بەبێ گۆڕانکاری هەڵبگرێت، ئەگەر خراپ بوون یا لەناوچوون چاکیان بکاتەوە هەڵگرتنی ئەوەی بێ ماناومردووە کاری ئیرادەیە بەڵام هۆکارەکەی چیە، بێ ئەقڵی وپێشینەی پروپوچ؟ بەڵام دروستکردنی ئارامگاوگۆڕ پیشەی پوچ وبێ ئەقڵی نین، کاری مردووەکانە کە دەیانەوێت جاویدانەی کاری مرۆڤەکان بسەلمێنن، ئەوان مردوون، بەڵام لەبیری ئێمە وهزری کاتەکانی ئایندەماندا زیندوون وبەزیندوویی دەمێننەوە، کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی مردووە نوسینی مێژووی ناوپوچ، کارێکی پێش هاتووە لە زیندووبونەوە لەخزمەتی ژیاندا، کاتێك دێت کە ئەوبەڵگەنامەو مێژووانە بەمەبەستی دووبارە نوسینەوەی مێژووی ڕابردوو، بەڵام دەوڵەمەندوکارا لە ڕۆحی ئێمەدا بەکاردێن بەپێی پێویستی شکۆفایی ژیان، مێژووی مردووی ژیان دەست پێدەکاتەوەو مێژووی ڕابردووچالاك دەبێتەوە، یۆنانیەکان

و ڕۆمانیەکان لەگۆڕەکانیاندا ئارامیان گرت تاکاتێك لەچاخی ڕێنسانسی پێگەشتووی نوێی ئەوروپیەکان لەخەوبێداری کردنەوە.

شێوازە ئەستورو گەورە و تورەو سەرەتایی شارستانی، هەروەهاشارستانیەتە لە بیرچووەکان زیادگرنگیان پێنەدەدرا یاجوان لێیان تێنەگەشتن، تاکاتێك کەقۆناغی تازەی ڕۆحی ئەوروپایی کەناوی لێنرا- ڕۆمانتیزم- یاگەڕانەوە لەگەڵ ئەوانەدا(هاوڕێ) وحەزوئارەزووی خۆی لەوانەدادۆزیەوە، بەم شێوەیە پانتاییەکە گەورە لەمێژوو لە ئێستادا لەبەرچاوی ئێمەدا شتێك نین جگە لە نوسینەوەی ڕووداوەکان و زۆرێك لەوبەڵگەنامانەی کەئەمرۆ بێزمان وخامۆشن، ڕۆژێك بەنووری ژیان ڕووناك دەبنەوەو دوبارە لەگەڵ ئێمەدا دەکەونەگفتوگۆ هۆکاری ئەم شێوەیەی نوێ بوونەوەی ژیان لەناخی خۆیدادێتە جۆش وخرۆش، هیچ گەنجینەیەك لەبەڵگەنامەکان یا گێڕانەوەکان توانای دروستبوونی ئەوانەی نیە. هەتا دەتوانرێت بگوترێت کەبەڵگەنامەو گێڕانەوەکان بەبێ ئەوە پەرشوبڵاوو مات وبێجوڵەن. خودی ئەوکۆی دەکاتەوەو پێشکەشی خۆی دەکاتەوە، هیچ کات سەرکەوتوونابین لەتێگەشتنی بەرهەم وکاریگەریەکانی ئەندێشە مەگەر بەوبنەمایەی مێژووبەرهەم هێنەری مێژووە لەهەرکاتێکدا، وەبەرهەمی هەموو مێژووی ڕابردوو شتێك نیە جگە لە خودی ڕۆح، ڕۆح هەڵگری سەرتاسەری مێژووی خۆیەتی ولەگەڵ ئەودا لێکدەدرێتەوە، لەبیرکردنەوەی بەشێك لەمێژوو، وەبیرهێنانەوەی بەشێکی تر لەمێژوو بەشێکە لەلێدانی ئاوازی ژیانی ڕۆحی، ڕۆح بەبێ هاوکاری وەرگرتن لەهۆکارە دەرەکیەکان کە بەگێڕانەوەی بەڵگەنامەکان ناودەبرێن گیان دەبەخشنە مێژوو لەگەڵ ئەو دادەژین، لەو هۆکارە دەرەکیانە کۆمەڵێك شت دروست دەکات زەمینە ئامادە دەکات بۆ بانگهێشتێکی دەروونی، کە لە دوایدا هەموو روداوەکان لە ناوخۆیدا چارەسەردەکات، ئەوەی کە لە(کارنامەی ڕابردوودا) بەغیرەتەوە دەپارێزرێت هەر بەم مەبەستەیە.

## پەراوێزەكان

١) ecorC ottedeneB morF, ecitcarP dna yroehT stI – yrotsiH.rt,XI&IshC fostrap).de(renidraC kcirtaP ni,eilsniAsalguoD

yrotsiH fon seiroehT ehT : sionillI , eocnelG(.٣٣٢ -٦٦٢.pp,)٩٥٩١sserpeerF

٢) Mithradatic Wars میهردادی شەشەم(ناسراوبەمیهردادی گەورە) پاشای پۆنتیۆس بوولەباكوری ئاناتۆلی لە(١٢. تا٦٣) قوم لە ژێر دەستەلاتی ئەودا بووحوكمی دەكردوولەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆمداشەڕی دەكرد. نابێت بەهەڵە لێكبدرێتەوە لەگەڵ پاشاكانی ئەشكانی دا(وەرگێڕ).

٣) surodollopA

٤) sutongyloP

٥) sixueZ

٦) seleppA

٧) Miltiades (دەوروبەری ٥٤.تا ٤٨٩ ه ساڵی كۆچی مانگی سەرداری ئەسنیایی كەئێرانیەكانی شكان لەجەنگی ماراسۆندا(وەرگێڕ)

٨) onirmtti V oiraM